# کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن لە چاوگی ئەلفیی تێنەپەڕ

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی
ئامادەیی (سلێمانی)ی کچان

هەینی (٢٠٢٣/١١/٣)

لە چاوگی ئەلفیی تێنەپەڕ، کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی ئەرێ دروست دەکەین، بە یاسای (قەدی چاوگی ئەلفیی تێنەپەڕ + وە)، وەک:

چاوگی (ژاکان)

ژاکا + وە = ژاکاوە (کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی ئەرێیە.)

لە ڕستەدا وەک:

گوڵەکە ژاکاوە.

هەروەها دەتوانین لە چاوگی ئەلفیی تێنەپەڕ، هاوەڵناوی کراو دروست بکەین، بە یاسای [قەدی چاوگی ئەلفیی تێنەپەڕ + پاشگری (و)]، وەک:

چاوگی (ژاکان)

ژاکا + و = ژاکاو (هاوەڵناوی کراوی داڕێژراوە.)

لە ڕستەدا وەک:

گوڵەکە ژاکاوە.

ئێستا ئەگەر ڕستەیەکی وەک (گوڵەکە ژاکاوە.)، بمانەوێ شیکردنەوەی بۆ بکەین، دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت:

١- دەکرێت کاری ڕستەکە (ژاکاوە) بێت و لە چاوگی (ژاکان)ەوە وەرگیرابێت و لە [قەدی (ژاکا) + نیشانەی (وە)] کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنمان دروست کردبێت. وەک: گوڵەکە ژاکاوە.

لەم کاتەدا:

گوڵەکە/ ناوە، بکەرە.

ژاکاوە/ کاری تەواوە، ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە، تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

Ø/ جێناوە کەسییە لکاوەکەش بۆ سێیەمی تاکە و لە کۆمەڵەی دووەمە و دەرنەکەوتووە و بۆ بکەر (گوڵەکە) دەگەڕێتەوە.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

٢- دەكرێت كاری ڕستەكە (ە) بێت و لە چاوگی (بوون)ەوە وەرگیرابێت، هەروەها هاوەڵناوی كراوی (ژاكاو)مان كردبێت بە تەواوكەری ڕاستەوخۆی كاری ناتەواوی (ە). وەک: گوڵەكە ژاكاوە.

لەم كاتەدا:

گوڵەكە/ ناوە، نیهادە.

ژاكاو/ هاوەڵناوی كراوی داڕێژراوە، تەواوكەری ڕاستەوخۆی كاری ناتەواوە.

ە/ كاری ناتەواوە، ڕانەبردووە بۆ دەمی ئێستا، تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

∅/ جێناوە كەسییە لكاوەكەش بۆ سێیەمی تاكە و لە كۆمەڵەی دووەمە و دەرنەكەوتووە و بۆ نیهاد (گوڵەكە) دەگەڕێتەوە.

ئەم حاڵەتەی من باسم كردووە، ئەگەر نەرێ بێت گرفتی نامێنێت. وەک:

گوڵەكە نەژاكاوە.

گوڵەكە ژاكاو نییە.

هەروەها ئەگەر بۆ ڕابردووش بێت هەر گرفتی نامێنێت. وەک:

گوڵەكە ژاكابوو.

گوڵەكە ژاكاو بوو.

لە كۆتاییدا، ئەم جۆرە ڕستانە وەک هەندێک حاڵەتی تر لێڵواتایی دروست دەكەن، واتە ڕستەیەكمان هەیە و لە ئاستی سەرەوە یەک فۆڕمە، بەڵام دەكرێت لە ئاستی ژێرەوە دوو واتای هەبێت و دوو لێكدانەوەی بۆ بكرێت.

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)